# کورد و ئیسرائیل: پێشکەوتنی ڕووداوە چارەنوسسازەکان!

نزار جاف
nezarjaff@gmail.com

شکست هێنانی سیاسەتمەداری ناوداری ئیسرائیل"شیمۆن پێرز"لە هەڵبژاردنەکانی پارتی کاری ئیسرائیل و، هەڵبژاردنی"عمێر بێرتس" کە دەگەڕێتەوە بۆ توێژی جولەکە"ئەشکناز"ییەکانی سەر بە ڕۆژهەڵات، سەرەتای سەردەمێکی نوێی وەرچەرخاندنێک لە ئاراستەی سیاسی لە ئیسرائیلدا دیاری دەکات و، کۆتایی بە سەردەمی دەسەڵاتە هەمیشەییەکەی توێژی جولەکەی"سڤاردیم"ی سەر بە ڕۆژاوا هێنا. عمێر کە لە بنچینەدا دەگەڕێتەوە بۆ وڵاتی مەغریب، میدیا و وڵاتە عەرەبییەکان زۆر بە پەرۆشەوە دەڕواننە ئەو وەرچەرخاندنە و، بە تەمای قۆستنەوەی هەلی دەسەڵات هاتنە دەستی ئەو سیاسەتمەدارەن لە بەرامبەر سەرۆک وەزیرانی ئێستا "ئێریێل شارۆن" دان و، پێیان وایە کە عمێر بێرتس دەتوانی بە هۆی ئەوەی کە لە بنچینەدا لە مەغریب لەدایک بووە و، ژیاوە، سوودێک بە عەرەب بگەیەنێت لە ئاراستە سیاسییە جیاوازەکان کە یەکێکیان دۆزی کوردە. ئەم بابەتەش، بایەخەکەی لەوەوە سەر هەڵدەدات کە ماوەیەکە هەردوو لا"حکومەتی ئیسرائیل" و " دەسەڵاتدارییەتی کورد لە کوردستانی باشوور"، گرنگی بە تەوەری پێوەندییە جۆراوجۆرەکانیان دەدەن و، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ هەستیاری ئەو پێوەندییانە بۆ هەردوو لا دەردەکەوێت، هەرچەندە ئەگەر هەردوو تای تەرازووەکە هەڵسەنگێنین ئەوا دەبینین تاکەی ئیسرائیل سەنگینترە، هۆی ئەوەش بۆ ئەو ڕاستییە دەگەڕێتەوە کە ئیسرائیلە تا ئێستا ئاراستە و شێوازی ئەو پێوەندیانە دیاری دەکات نەک کورد. دەسەڵاتدارییەتی کورد تا ئێستاش زۆر بە سادەیی و ساکاری دەڕوانێتە پێشهاتێکی سیاسی وەک سەردانەکەی "ستیڤان شالۆم"ی وەزیری دەرەوەی ئیسرائیل بۆ "تونس" لە میانەی ئەو کۆبوونەوە جیهانییە فراوانەی تایبەت بە بەکارهێنانی تۆڕی ئینتەرنێت لە جیهاندا و، ئەو سەردانە بۆ یەکەم جار بایەخێکی نائاسایی پێ بەخشرا و، زۆر بە گەرمیشەوە پێشوازی لێکرا. هەڵبەتە دەشبێت ئاماژە بە سەردانەکەی شالۆم بۆ "نواکشۆت"ی بایتەختی مۆریتانیاش بدەین و، چاوپێکەوتنەکەی لەگەڵ دەسەڵاتدارییەتییە نوێیەکەی ئەو وڵاتەدا بخەینە ژێر باس و لێکۆڵینەوە، هۆی ئەوەش بۆ ئەو ڕاستییە دەگەڕێتەوە کە هەندێک ناوەندی"ئیسلامی" و"ڕەگەزپەرستی"عەرەبی، کودەتا سەربازییەکەی "مۆریتانیا"یان بە بەرپەرچدانەوەیەکی پەرەسەندنی پێوەندییەکانی نێوان حکومەتە عەرەبییەکانی ناوچەکە و، ئیسرائیل لە قەڵەمدا، کەچی سەردانەکەی ستیڤان شالۆم بۆ مۆریتانیا و، چاوپێکەوتنی بە کودەتاچییەکانی ئەو وڵاتە ئەو بۆچوونەیان پوچەڵ کردەوە و، گەنگی پێوەندی سیاسییان لەگەڵ "ئۆرشەلیم"دا پتر بەرجەستەکرد. هەر لەم کاتەشدا، دەسەڵاتدارییەتی کورد نابێت بڕوانێتە ئەوەی کە پێوەندییەکی پتەوی لەگەڵ "کۆشکی سپی" ئەمریکادا هەیە و، هەموو گرەوێکی لەسەر ئەو بنچینەدا بکات. سیاسەتی ئەمڕۆ، واتە سەردەمی جیهانگیری، بە چەندین ڕەهەند و ئاراستەی جیاوازدا مل دەنێت و، ئەو ڕەهەند و ئاراستانەش سەقامگیرنین و، زۆر جاریش

گۆرانی خێرا و، لەناکاویان بەسەردا دێت. گومانیش لەوەدا نییە کە یەکێک لەو ناوەندانەی کە کاریگەرییەکی ئەوتۆیان هەیە لە دارشتن و ئاراستەکردنی بڕیاری سیاسی لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی "ئیسرائیل" و، رەوەندی چالاکی جولەکەیە لە رۆژاوا. کورد نابێت دیسانەوە هەڵەیەکی مێژوویی دیکەش دووبارە بکاتەوە و، چاوەڕێی ئاراستەی رووداوەکان بێت تا لە پێچ و پەنای"دەرفەتەکان"دا هەل بقۆزێتەوە! ئاراستەی پێوەندی عەرەب لەگەڵ ئیسرائیل وەک چاودێر و ناوەندە سیاسییەکانی ناوچەکە و جیهان بۆی دەڕوانن، یەکێک لە کۆڵەکەکانی بنیاتنانی دژایەتیکردنی داخوازییەکانی کوردە. هەڵبەتە عەرەب لەم رووەوە کەڵک لە ئەزموونەکەی "ئەنکەرە" لەگەڵ "ئۆرشەلیم"دا وەردەگرێت. ئەم بابەتە گرنگەش، دەبێت بایەخێکی تایبەتی پێ بدرێت و، بخرێتە ژێر باس و لێکۆڵینەوە و، بە وردی لەو "ئەگەرە" مەترسیدارانەی کە لێی دەکەویتەوە، راڤەبکرێت و، ئەوساش کاری سیاسی پراکتیکی بۆ بکرێت. هەڵبەتە لێرەشدا، کاتی ئەوە هاتووە، کە هێزێکی سیاسی مەزن و بەتوانای وەک"PKK"، دووبارە نوێکردنەوە و، گەڕانەوەی بۆ گۆرەپانی سیاسی لەسەر هەردوو ئاستی ناوچەیی نێودەوڵەتی کاری جدی بۆ بکرێت، نەک بە چاوی تەسکی"بەرژەوەندی" حیزبایەتی تەماشا و مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت. گرنگی ئەم کارەش لەو بنچینەوە هەڵدەقولێت کە پارتی کرێکارانی کوردستان ئامادەیی خۆی دەربڕیوە بۆ خۆگونجاندن لەگەڵ بارودۆخەکەدا و، قایلبوون بە گۆڕانکاری هێنان بەسەر پرنسیپەکانیدا لەپێناو بەرژەوەندی باڵای نەتەوەییدا. گرنگی ئەم کارەش لەوەدایە کە هەنگاوێکی پراکتیکی کاریگەرە لە دژی هەوڵەکانی حکومەتی"دادپەروەری و پەرەپێدان"ی تورکیا تا لەبری ئەوەی کە رەخساندنی دەرفەت و هەلی لەباری بۆ بگونجێنین، کۆسپی ئەکتیڤ و بەهێز لە رێگەیدا بخولقێنین. کاتی ئەوەش هاتووە کە سەرکردایەتی سیاسی کورد تێڕوانین و بۆچوونەکانی کۆشکی سپی و سەرکردایەتی پارتی کرێکارانی کوردستان نزیکتر بکاتەوە و، راستی ئەوەش بخاتەڕوو کە پشت بەستن بە20ملیۆن کوردی دڵسۆز باشتر و لەبارترە لە پشت بەستن بە حکومەتێکی ئیسلامی لە ئەنکەرە کە بنەماکەی لەسەر دژایەتیکردنی بەرژەوەندییکانی رۆژاوا و ئیسرائیل پێکهاتووە. هەر بە هەمان ئاراستەشەوە ئەگەر بڕوانینە پەرەسەندنی رووداوەکان و، ئەو هەڵپە هەڵپەی کە وەزیری دەروەی تورکیای کەمالیستەکان تێی کەوتووە بۆ بە فریاکەوتنی رژێمە رەگەزپرستەکەی سوریا، تەنها بەو ئاراستەیە کە رێگە لە کردنەوەی دەرگایەکی تری کاریگەر بۆ سەر ئایندەی نەتەوەیی کورد بگرێت. هەر بۆیە دەبێت سەرکردایەتی سیاسی کورد زۆر بە بایەخەوە بڕوانێتە مەسەلەی پێوەندی لەگەڵ "ئۆرەشەلیم"دا و، هەنگاوی ئیستراتیجی لەپێناو بەرژەوەندی نەتەوەیی کورد بنێت. لە راستیشدا، ئەگەر سەرکردایەتی سیاسی کورد پێی وابێت کە واشیگتۆن دەروازە هەرە گرنگ و ئیستراتیجییەکەی نەتەوەی کوردە و، تەنها بە بوونی ئەو پێوەندییە هەموو گرەوەکان دەباتەوە، ئەوا دەبێت ئەوەش بزانێت کە کلیلی ناوەندە هەرە گرنگەکانی ئەو پایتەختە لەدەستی "ئۆرشەلیم"دایە.